# که زۆر هات, دیموکراتی قاڵه قاڵه*

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووە، لە بەر ئەوەی دیلی یاساگەلێکی کۆنە، تاکە کەسەکان هیچ ئازادییێکیان نییە، بڕیاری ئەو داب و نەریتە، زاڵە بەسەر ئاکاری ئەندام، بنەماڵە، خێڵ، و دەزگاکانیدا و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ دەداتەوە، دیموکراتی تەنها ووشەیەکی ڕازاندنەوەیە و هیچ واتایەک نابەخشێت.



دەمکوتکردنی د. کەمال سەید قادر* و کەسانی تر لە کۆمەڵگەیەکی وادا، هیچ نامۆ و سەیرنییە، چۆنکە لێرەدا کۆمەڵگە خاوەن ئەوە هێزە شاراوەیە کە مرۆڤەکان تێیدا دیلن و بێدەسەلاتن، سەرپێچیکردن لەو یاساگەلەش، کە خەرمانی چەندەها ساڵن، تاکەکەسەکان دووچاری ڕەنجەڕۆیی دەکات، بەڵکو لە قینی خۆیدا وونیان دەکات.

خنکاندنی دەنگی(نا)لە هەڵبژاردنەکانی دەستووردا، هەڵکردنی ئالای شومی ئەنفال، پشتگوێ خستنی بانگەوازی سەربەخۆیی گەلی کوردستانی باشوور لە پرۆسەی ڕێفراندۆمدا، سوکایەتیکردن بە لاوان و ڕەدوکەوتن بە دوای دروستکردنەوەی هێزی داگیرکەراندا، ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەو هێزانەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری پێکدەهێنن و خاوەن شکۆن، ئامادەن بۆ مانەوەی خۆیان هەموو شیوازێک بەکاربهێنن.

من نموونەی داخستنی کوردستان تیڤی لە 1-8-2005 بۆ ماوەی 24 سەعات، لابردنی سامان و هاوار لەسەرکار و فڕاندنی دکتۆر کەمال سەید قادر..هتد وەکو دەرئەنجامی زەبری کۆمەلگە دەبینم، کە بواری هیچ دەنگێکی ڕەها نادات، کە بخوازیت بە ئاشکرا و شارەستانیانە هەنگاو بەرەو دیموکراتی بنێت لە دەرەوەی ئەو یاسا پاشکەوتووانەی کە( لە لایەن کۆمەڵگەوە) بۆی دانراوە،
بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکەسەکان و کۆمەڵگە بە گشتی، تاکە ڕێگەیە بۆ داڕمانی ئەو شورایەی کە ئەم جۆرە کۆمەڵگانە ساڵانێکی دوور و درێژە ئاستەنگیان لە پێشکەوتن گرتووە.

من وەکو زۆر کەسی تر، بۆچونەکانم لە گەڵ د.کەمال سەید قادر دا یەک ناگرنەوە، بەڵام پێم سەیرە کە پاراتییەک چەندەها ساڵە، نازناوی **پارتیی دیموکراتی کوردستانی** لە خۆ ناوە، بە شێوەیەکی دیموکراتیانە توانای چارەسەرکردنی کێشەیەکی وای نییە، پەنا بۆ سیاسەتی تۆقاندن و فڕاندن دەبات و لە هەمان کاتیشدا بەچاوێکی پڕ بەزەییەوە، تەماشای ئەوانە دەکات کە هەشت هەزار بەرزانیان وونکردووە، کە هێشتا ئێسکی زۆربەیان لە بیابانەکەی داگیرکەراندا وونە.

---

*که زۆر هات قەواڵە بەتاڵە>پەندی کوردی.*

*تاها بەرواری هۆی گرتنی د.کەمال سەید قادر، بۆ ئەوەی گەڕاندەوە کە ناوبراو دوو بابەتی لە سایتی کوردستان پۆست دا بلاو کردۆتەوە لە 24 ی حەوت و 18ی مانگی دەدا، کە تیایدا بەقسەی تاها بەرواری قسەی ناشرینی بەکار هێناوە و جنێوی داوە* 20051105 . *www.sotkurdistan.com*